# دلسۆزی نواندن بۆ قوربانیانی ئەنفال لەسەر مۆدیلی یەکێتی نیشتیمانی

## ( وەڵامێك بە ڕوونکردنەوەیەکی هۆبەی ڕاگەیاندنی ئاسایشی پارێزگای سلێمانی )

**ئەحمەد معین**

کوردستانی نوێ زمانحالی یەکێتی ی نیشتیمانی ی کوردستان لە ژمارە 3060 ی ڕۆژی 30 / 8 / 2006 دا ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردۆتەوە بە ناوی هۆبەی ڕاگەیاندنی ئاسایش سلێمانیەوە لەژێر ناونیشانی ( ئەو 111 پارێزەرە لەبری بەرگری کوێرانە ، دەیانتوانی بەرگری لەکەس وکاری ئەنفالکراوان بکەن ) . ڕوونکردنەوەی ناوبراو بەڕواڵەت ڕەخنە لە هەڵوێستی ئەو 111 پارێزەرە ئەگرێ کە بۆ بەرگری لە بەختیار حمە سعید ( نزار عبداللە ) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی یەکێتی کۆمۆنیستەکان هاتبوونە دەنگ بەو سیفەتەی بەختیار دۆستێکی پارێزەری هاوپیشەیانە وجگە لەوەش ویژدانی یاساییان وەکوو پارێزەر پالی پێوە نابوون کە لەبەرانبەر گرتنی ئەو هاوڕێیەی ئێمەدا ، سەرباری ڕەوانەکردنی یاداشتنامەیەکی ئیمزاکراو سەبارەت بەگرتنەکەی ، کە دووربوو لەهەر عورفێکی یاسایی ، ڕابگەیەنن ، گەر ئاشایشی سلێمانی ئازادی نەکات ، ئەوا ئەوان مان دەگرن و بەکردەوەش هەر وایان کرد .

لێرەدا من ناچمە بواری بەرگری کردنەوە لەو 111 پارێزەرە وهەڵوێستێکی پیرۆزکە گرتیانە بەر وەکوو بەشێک لەپیشەی بەرگری کردنیان لە ڕاستی وپێداگرتنیان لەسەر نایاسایی بوونی خودی گرتنەکە وشێوەکەی وناکۆکی ئەو کردەوانەی ئاسایش لەگەل سادەترین بنەماکانی یاسا ومافی مرۆڤدا. هەروەها ناشچمەسەر ئەو زمانە زبر وپڕلە سووکایەتی و تۆمەت وتەشهیرەی کە ئاسایشی سلێمانی لە ڕوونکردنەوەکەیدا پەنای بۆ بردووە بۆ لەکەدارکردنی ئەو هەلوێستەی پارێزەرانی ناوبراو وئامۆژگاریەک کە ئاسایش بۆیان ئەکات چونکە ئەوان پێویستیان بەبەرگری من وئامۆژگاری ئاسایشی سلێمانی نیە .

ئەوەی زیاتر ئەمەوێ لێرەدا قسەی لەسەر بکەم ئەو چەواشەکاریانە و ئەو گیانی پڕ لە کینە وبوغز وئەو شێوەیەیە لە هەلگێڕانەوەی ڕاسنیەکان کە ئاسایش پەنای بۆ بردوە بەتایبەتی سوودوەرگرتن لە مەسەلەیەکی ناسکی وەکوو قوربانیانی ئەنفال بۆ تەسویق کردنی قسەکانیان .

سەرەتا هۆبەی ڕاگەیاندنی ئاسایشی سلێمانی بێ پێشەکی وناشیانە خۆی ئەدزێتەوە لەناوەڕۆکی مەسەلەکە کە گرتنی دەیان کەسە لەسلێمانی وکەلار وچەمچەمال ودەربەندیخان وکفری وزەڕایەن وشوێنی تری کوردستان بە ( تۆمەتی !) ئەوەی داوای ئاو وکارەبا وسووتەمەنییان کردووە ، داوایان کردووە کە چارێک بۆ مەسەلەی گرانی بازاڕ بدۆزرێتەوە ، وبەهۆیەوە ڕەوانەی زیندان کراون وسەرکوت کراون وتەنانەت هاووڵاتیەکیش لە کەلار لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە کوژراوە .

جا گەر مەسەلە باسکردنە لەمەلەفی بەختیار حمە سعید ئەوە ئاسایش ئەبوایە لەوێوە مەسەلەکەی بکردایەتەوە کە بۆچی بەختیار حمە سعید دەسگیرکرا؟ . تاوانەکانی بەختیار بەڕیوایەتی ئاسایشی

سلێمانی چین ؟ شێوه وچۆنیەتی گرتنی بەختیار چۆن بووه ؟ مامەلەی ئاسایش لەگەل زیندانیدا لەزیندانەکان چۆنه؟ بۆچی تایبەتی ترین مەسەلەی هاوولاتی که تەلەفۆنه بەبێ فەرمانی دادوەر وبەبێ بوونی مادەیەکی یاسایی ئەخرێته ژێر چاودێریەوه ودەیان پرسیاری تر که ڕوونکردنەوەکەی ئاسایشی شلێمانی خۆی ئەیان ورووژێنێت.

چوارچێوەی گشتی ئەو مەسەلەیه واته مانگرتن ودەربڕینی نارەزایەتی له پێناوی هاتنه دەنگ لەسەر داواکاریەک که تایبەتمەندیەکی گشتی هەیه و داخوازی بەشی هەرەزۆری خەلکی کوردستانه .

ڕوونکردنەوەکه زۆر به وورياييەوه خۆی لەقەرەی ئەو مەسەلانه نادات وڕاستەوخۆ ئەچێته سەر مەسەلەی ئەنفالەکان وئەو چاوەڕوانیەی لەو 111 پارێزەره هەبووکه له جیاتی مانگرتن لەسەر گرتنی هاوڕێیەکیان ئەبوایه بەمەبەستی ناونووسکردنیان به خۆبەخش بۆ بەرگری لەکەس وکاری ئەنفالکراوەکان مانیان بگرتایه. لێرەدا زۆر پرسیار سەردەردێنن :

یەکەم :

ئایا ناکۆکیەک هەیه لەنێوان بەرگری کردن لەکەسێک یا کەسانێک که بەهۆی داواکردنیان بۆ یەکێک له بنەڕەتی ترین داخوازیەکانی خەلکی کوردستان ( بەکەس وکار ئەنفالەکانیشەوه ) دەسگیرکرابن ولەزیندانەکانی ئاسایش گیر کرابن ، لەگەل بەرگری له کەس وکاری ئەنفالکراوەکان ؟ ئایا بەدژنیشاندانی ئەو 2 مەسەلەیه ، واته پێویستی بەهرەمەندبوونی خەلک له ئاو وکارەبا وسووتەمەنی ، لەگەل پێویستی بەرگری لەکەس وکار وکەیسی ئەنفال هەروا هەلەییەکی سادەیه وبەسەر نووسەری ڕوونکردنەوەکەی ئاسایشدا تێپەڕبووه یا هەولێکی وشیارانەیه بۆ نیشاندانی بێ دەربەستی ئەو 111 پارێزەره ولەویش خراپتر ئەو دەیان گیراوانه ولەپشتی ئەوانیشەوه هەزاران کەسی بەشداربوو لەو مانگرتن وخۆپیشاندانانه وسەدان هەزار کەسی تریش که لەبەر نەبوونی ئاوو کارەبا وسووتەمەنی وگرانی بازاڕ ژیانیان لێ تال بووه ، لەبەرانبەر دەرد وغەمی کەس وکاری ئەنفالکراوەکاندا؟

لەڕاستیدا هاتنه مەیدانی ئاسایشی سلێمانی بەشمشێری ئەنفالەوه لەبەرانبەر داواکردنی ئاوو وکارەبا وسووتەمەنی یا مانگرتن وخۆنیشاندان بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافه سەرەتاييانه بەتايبەتی لەکاتێکدا که سەرانی ڕژێمی ئەنفال وسێداره وکوردکوژ وفاشی بەعس لەبەردەم دادگادان وکەیسەکه جارێکی تر گەرم بۆتەوه ، هەولێکی زۆر وشیارانەیه بۆ زۆر مەبەست که بەهەر شتێکەوه پەیوەندیان هەبێ بەئەنفال وخەمخۆری بۆ کەس وکاری قوربانیانی ئەنفالەوه نیەتی.

دووەم : ڕاستیەکەی پێم وایه ئاسایشی سلێمانی که سەربەلایەنێکی سیاسی دیاریکراوه وپێش هەر شتی تر مەئموریەتی بەرگری سیاسی ئەو لایەنەی لەئەستۆیه بەکردنەوەی کەیسی ئەنفالەکان دەرگایەکیان کردۆتەوه که ڕەشەبایەکی توندی لێوه دێت وپێش هەر لایەنێکی تر ناومالی خۆیان ئەگرێتەوه .

مەبەستم له لایەنی سیاسی ناوبراو به دیاریکراوی یەکێتی نیشتیمانی ی کوردستانه.

بۆ من وبۆ هەر خوێنەرێکی ئەو ڕوونکردنەوەیه له کوردستاندا وتەنانەت بۆ ئەو لایەنه دەرەکیانەش که مەلەفی ئەنفالیان نووسیوەتەوه زۆر پرسیار بەبۆنەی ئەو ڕوونکردنەوەیەوه ئەووروژێ.

1 / ئایا غەم وپەژاره وبێ نازی وڕەش وڕووتی ومالوێرانی کەس وکاری ئەنفالەکان که زامێکی قووله لەجەستەی هەمووخەلکی کوردستاندا چەند جێ ی بایەخی یەکێتی نیشتیمانی بووه ؟ ئایا لەجیاتی

کەلک وەرگرتنی سیاسی لە تراجیدیای کەس وکاری ئەنفالکراوەکان باشتر نەبوو کە یەکێتی وئاسایشەکەی هەر هیچ نالێم تەنها سەرژمێریکی ووردی زانستی بە ناوو وناونیشان ودۆکیۆمێنت و وردەکاری جۆراوجۆری ترەوە لەسەر ئەو کەیسە تۆمار بکەن کە ئێستا لە شوێنێکدا نەووترایە سەر ژمێری قوربانیانی ئەنفال 100 هەزار ولە شوێنێکی تر بووتری 182 هەزارن ؟ ئایا ئالوگۆرێکی بەرچاو لەژیان وگوزەران وداهات وکار ونیشتەجێ بوون و دەیان خزمەتی تری شایستەی کەس وکاری ئەنفالەکاندا لەسەردەستی یەکێتی نیشتیمانی کراوە تا ئاسایشەکەیان ئاوا بۆ سەرکوت وگرتنی خەلک سوود لە تراجیدیاکەیان وەرگرن ؟

2 / بۆ گێرانەوەی لاپەرەی ژێربەژێر وئاشکرای پەیوەندی نێوان یەکێتی ورژێمی بەعسی تاوانباری ئەنفالەکان وهەلچوون وداچوونەکانی هەلوێستی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەوبارەوە ، پێش ئەنفال ودوای ئەو کارەساتە ، رەنگ بێ چەندین بەرگ لە بەلگەنامە وکتێب پێویست بن بەلام من لێرەدا بۆ نیشاندانی رووی راستەقینەی ئەو شێوە بەدەربەست بوون وخەمخۆریەی یەکێتی بۆ کەیسی ئەنفال تەنها چەند نموونەی کورت باس ئەکەم .

یەکەم : جەلال تالەبانی سکرتێری یەکێتی ی نیشتیمانی ی کوردستان لەوەلامی پرسیارێکی تۆری هەوالی CNN سەبارەت بەچارەنووسی خێزانەکەی سەدام حسین پاش رووخانی رژێمی بەعس ئەلێ ( من شوێنیان پێ ئەزانم ولەرێگەی دۆستێکی هەردوولامانەوە پەیوەندیم لەگەلیان هەیە بەلام ئەوان هیچ نامەیەکی نووسراویان بۆ من نەناردووە).

پەیامنێری CNN درێژە بە راپۆرتی گفتوگۆکەی لەگەل تالەبانیدا ئەدا وئەلێ ( تالەباتی روونیکردەوە کە ئەو بۆ ئەو دۆستە هاوبەشەیانی دووپات کردۆتەوە کە خۆشحال ئەبێ گەر ساجدە و2 کچەکەی بێن بۆ ناوچە کوردیەکانی ژێر دەسەلاتی ئەو ). پەیامنێری ناوبراو پاشان ئەلێ: ( هەندێ ناوەند پێیان وایە کە ساجدە وهەردوو کچەکەی پەنایان بردبێتە بەر هەندێ هۆزی گەورەی باکووری عێراق.تالەبانی کە سەرۆکایەتی یەکێتی نیشتیمانی ی کوردستان ئەکات روونی کردەوە کە هۆی ئەو بریارەی بەدالدەدانی ساجدە وکچەکانی لەو رووەوەیە کە ئەوان بێتاوانن وچەرمەسەری زۆریان دیوە لەکاتی دەسەلاتی سەدام حسیندا.

سەرچاوە : سایتی ئەلەکترۆنی CNN رۆژی 21 / 5 / 2003

دووەم: کوردستانی نوێ لە ژمارە2907 ی سالی یانزەهەم لەرۆژی 5 / 11 / 2002 لەلاپەرەی دووەمیداگفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنی LBC بلاوکردۆتەوە لەگەل جەلال تالەبانیدا کە لەبەشێکیدا ئاواهاتووە :

LBC:

رۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز چەند رۆژێک لەمەوبەر بلاویکردەوە کەحکوومەتی ئەمریکا لیستێک بەناوی نزیکەی 20 بەرپرسی عێراق ئامادە دەکات بۆ ئەوەی لە لاهای دادگایی بکرێن.

ئایا تۆ لەلایەنگرانی ئەم بۆچوونەیت ؟ ئایا پێت وایە ئەمە راستە ؟ ئایا خەون بەوەوە دەبینیت سەرۆکی حکوومەتی عێراق سەدام حسین لەقەفەزی تۆمەتبارکردن لەلاهای بەدی بکەیت ؟

مام جەلال :

سەبارەت بەژمارەی ئەوانەی کە ئەمریکاییەکان دەیانەوێت بیانخەنە لیستی تاوانبارانی جەنگ ، بۆت هەیە پرسیار لەئەمریکا بکەیت ، من نەبالیۆزی ئەمریکا ونەنوێنەری ئەمریکام ، بیستوومە ئەوانە لەنێوان 20-30 کەس بن ، وام بیستووە ، من هیواناخوازم سەرۆک سەدام حسین ، لە قەفەزی تۆمەتبارکردندا بەدی بکەم ، ئومێدەوارم ببینم واقیعبین بێت و گۆڕینی دیموکراتی ڕابگەیەنێت و لەپێناوی گەلی عێراقدا تەنازول بکات ولەپێناوی دوورخستنەوەی عێراق لەبەڵا وکارەسات و دوورخستنەوەی خۆشی لەبەڵا وکارەسات ، گۆڕینی دیموکراسی سەرتاسەری ڕابگەیەنێت وقبوولی بکات وئەوە قبوول بکات کە عێراق ببێتە بەووڵاتێکی دیموکراسی ،ئاشتیخواز وئازادیخواز ، هیوای ئەوەی بۆ ناخوازم بەو شێوەیە ببینم ، من شەخسی خۆم بەلانی کەم ، جۆرێک لەپەیوەندی کۆنم لەگەلی هەیە . بەم بۆنەیەشەوەلەنێوان بنەماڵەی تالەبانی وبنەماڵەی سەرۆک سەدام حسین پەیوەندی مێژوویی کۆن هەیە ومن تا ئێستا ڕێزی لێ دەگرم ، بۆیە هیواناخوازم لەقەفەزی تۆمەتبارکردن لە لاهای ببینم ، بەلکووئومێدەوارم لەسەر شاشەکانی تەلەفزیۆن ببینم کە ڕایبگەیەنێت باوەڕی بەدیموکراسی هەیە ومافەکانی گەلی عێراق دەدات وگۆڕینی دیموکراسی سەرتاسەری دەکات وخۆی وگەلەکەی لەبەڵا وکارەسات دووردەخاتەوە .

سێیەم :

سەدان هەزار کوردی دانیشتووی ووڵاتانی دەرەوە ئاگادارن کە کاتێک بەشێکی زۆر لە خەلکی دلسۆزی کوردستان دوای هەولێکی زۆر وماندووبوونی چەند مانگ ویستیان تاوانبار نزار الخزرجی کەسەرۆکی ئەرکانی سوپای بەعس بوو لەکاتی ڕەشەکوژی ئەنفالەکاندا لە دانیمارک بدەن بە دادگا وشکاتی لەسەر تۆمار بکەن چۆن لە کاتی لێکۆلینەوە لە کەیسی ناوبراو نوێنەرانی یەکێتی نیشتیمانی وپارتی لەدەرەوە ووتیان تاوانباری ناوبراودۆستی کوردبووە وهەر لەوکاتەوەکە فەرماندەی فەیلەقی یەک بووە پەیوەندی لەگەل ئەواندا هەبووە وبەو جۆرە تاوانباری ناوبراویان لە تۆلە کردنەوەلە تاوانەکانی ئەنفال ڕزگار کرد .

چوارەم :

لەدوای ڕاپەڕینەوە دەیان تاوانبار وخۆفرۆشی فەوجەکان وکەسانی کوردی سەربە دەزگاکانی ئەمن وئیستیخبارات وفەوجە سووکەکان لەهەمووکوردستاندا کە زۆریان بەشێوەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لە تاوانەکانی ئەنفال ودەیان تاوانی تردا هاوکاری ڕژێمیان ئەکرد لەڕقی پیرۆزی خەلک ڕزگارکران وزۆریان بوون بە ئەندام ولێپرسراولە ناو یەکێتی نیشتیمانی ودەسەڵاتداریەتیەکەی ئەودا .

بەهەر حال یەکێک بۆ ئەو جۆرە نمونانە بگەڕێت ئەتوانێ خەروارێک کۆبکاتەوە لەوبوارەدا .

لەشوێنێکیتری ڕوونکردنەوەکەیاندا ئاسایشی سلێمانی ڕووی دەمیان ئەکەنە ئەو111پارێزەرە وئەلێن ( بریا لەپێش مانگرتنەکەشدا هێندە چاوکراوەبوونایە کە بچوونایەتە بنچوبناوانی گرتنەکە وهەموویان بەووتەی کەسێکی وەک بەختیار حمە سعید فریویان نەخواردایە ) . من لێرەدا ئەبێ داوای لێبووردن لەو 111 پارێزەرە بکەم کە ئەو ڕستەیەم بەنموونە هێناوەتەوە کە ووتارەکە پڕیەتی لە سووکایەتی لەوجۆرە .

با بزانین ئەو ( بنج وبناوانە ) چیە کە ئاسایشی سلێمانی باسی ئەکات ؟

ڕوونکردنەوەکە لەبەشێکیدا ئاوا هۆی گرتنی بەختیار حمە سعید ئەگێڕێتەوە وئەوە ڕەتدەکاتەوە کە ئەو بەسیفەتی پارێزەری گیراوی تر دەسگیر کرابێت وئەلێت : ( کەواتە لێرەوە دەردەکەوێت کە ئەمە

درۆیەکی بەکورتی هەلبەستراو نەبێت هیچی تر نیە ، کە ئەو پارێزەرانەی پێ فریو داوە، کە گێڕانەوەی هەردوولایان زۆر دوورە لە ڕاستیەوە ،بەلکوو بەختیار حمە سعید ئاسایش لەبەکرەجۆ لەکاتی هاتنەدەرەوەیان دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکەیان لەمالی ( شێرکۆ ئەحمەد ) گرتوویەتی پاش گیرانی وپشکنینی مۆبایلەکەی لەلایەن ئاسایشەوە ، ژمارەی مۆبایلی سەرجەم ئەو کەسانەی تێدابوو کە ئاسایش دەسگیریکردبوون ولەخۆپیشاندانەکەدا توندوتیژیان بەکارهێنابوو کە ژمارەی مۆبایل وکاتی پەیوەندیکردنەکەیانی تێدا تۆمارکراوە کە هاوکات بووە لەگەل کردەوەی ئەوانەی کە پەیوەندیان پێوەکراوە لەلایەن بەختیارەوە کە بەختیار چرکە بەچرکە ڕێنمایی داونەتێ ) . کەواتە ئەوە هەموو ئەو ( بنج وبناوانە ) بوون کە ئەو 111 پارێزەرە ئەقلیان پێ نەشکاوە و نووسەری ڕوونکردنەوەکە وا بەتامەوە ڕووداوەکە ئەگێڕێتەوە وەکوو هەنگی لەکلۆرە داردا دۆزیبێتەوە و پێ ی وایە کە تۆڕێکی جاسووسی زۆر گەورە وپیلانێکی زۆر ترسناکی دۆزیبێتەوە .

جارێ بەڕێزانی ئاشایش ئێوە بەپێ ی چ عورف ، یاسا ، فەرمانی دادوەر ، وفەرمانێکی مەرجەعی یاسایی مافی ئەوەتان بەخۆتاندا هەروا لەوجادەیە خەلک دەسگیر بکەن ؟ بە پێ ی کامە ڕێ وشوێنی یاسایی ( کە ڕۆژانە باسی دەسەلاتی یاسا ئەکەن ) ڕێگەتان بەخۆتان دا کە تەلەفوونی خەلک بپشکنن ؟ بەچاودێری کام لایەنی یاسایی ئەو کارانەتان کرد ؟ کام مەرجەعی سەربەخۆی دادوەری یا سەربەرێکخراوێکی مافی مرۆڤ چاودێر بوو بەدیارەوە ؟ ئایا ئەوانە لە عورفی یاساییدا پێیان ناووترێ ڕەشبگیری ؟ ئایا ئەوانە لادان نین لەسەرەتاییترین بنچینەکانی مافی مرۆڤ ؟ ئایا ئێوە ئامادەن تەنها یەکێک لەو کردەوانە کە خۆتان دانی پێا ئەنێن بەراوورد بکەن لەگەل جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤدا تا بزانن ئەو کردەوانە چ ناوێکیان لێ ئەنرێت ؟ ئایا بۆ چەند نموونە لەو توندوتیژیانەت باسەکردووە تا خوێنەریش بڕیار بدات کە جیاوازی نێوان توند وتیژی وپراکتیزەکردنی مافی خۆنیشاندان چین ؟ ئایا گەر بە پێ ی تەعریفی تۆش بێت بەختیار ڕێنمایی کردوون کە ئەو توند وتیژیە بەکاربێنن یا ڕێنمایی تری کردوون وگەر قسەکەی ئێوە ڕاستە بەختیارێک کە قسەکانی ناو تەلەفونەکەیتان بینیوە بەدیاریکراوی چی ووتوە و هانی چ جۆرە توندوتیژیەکی داون ؟

دیارە من چاوەڕوانی هیچ وەلامێکی ئێوە نیم بەو پرسیارانە ئەویش لەبەر یەک هۆی سادە : چونکە ئێوە بەختیار حمە سعید ودەیان کەسی ترتان بەو هۆیەوە گرت کە داوای مافێکی زۆر سادەی خەلکی کوردستانیان ئەکرد نەک ئەو بروبیانووانەی کە لە ڕوونکردنەوەکەتاندا بۆ مەبەستی چاوبەستەکێ لە خەلک باستان لێ کردووە. .

چەند دێڕ دواتر نووسەری ڕوونکردنەوەکە خۆی پێناگیرێ وئاشکراتر هۆی ڕاستەقینەی گرتنی بەختیار وبەشێکی تر لە زیندانیەکان دەرئەبڕێت ودەقی قسەکانی بەختیار بلاوئەکاتەوە کەئەلێ : ( سالی 1989 پەیوەندیم کردووە بەڕەوتی کۆمۆنیستەوە ، سالێ 1993 ناوی گۆڕاوە بە حیزبی کۆمۆنیستی عێراق ، تا سالی 1996 پەیوەندیم هەبووە ، دواتر پەیوەندیم کردووە بەبزووتنەوەی بنیاتنانی حیزبی کرێکارانی کۆمۆنیست / عێراق ، دوای کۆنفرانسی چوارەم کرام بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی وناومان گۆڕا بە یەکێتی کۆمۆنیستەکانی عێراق ناوی حەرەکیم نزار عەبدوللا-یە/ ئێستا کارگێڕی کۆمیتەی ناوەندی یەکێتی کۆمۆنیستەکانم لە سلێمانی ومۆلەتی ڕەسمیمان نیە وەک حیزب وڕێکخراو لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە وبارەگای سەرەکیمان لەسلێمانیە وکاری سیاسی ئەنجام

دەدەین لە سلێمانی ، بەیاننامەی 6 / 8 / 2006 لەگەل پارتی چەپی کوردستان بەهاوبەشی دەرمان کرد ) .

ڕوونکردنەوەکە پاشان وەکوو ئەوەی ناکۆکیەکی گەورەی دۆزیبێتەوە و ( تاوانێکی ) زۆر گەورە کرابێت ئەلێ ( ئەمە وتەکانی بەختیار خۆیەتی بەواژۆی خۆیەوە ، ئێمە لێرەدا هیچ شتێکمان لەسەر کاری سیاسی نیە ، هیچی لەسەر نالێین ، تەنها ئەوە نەبێت پرسیار لەو 111 پارێزەرە دەکەین کە دەبوایە بەر لەهەر کەسێک ئەوان زیاتر بەتەنگ ئارامی وئاسایش وهێمنی ویاساوە بوونایە لەهەر کەسێکی تر ) .

کەواتە بەختیار لەسەر ئەوە گیراوە کە کۆمۆنیستە ، سەر بەڕێکخراوی یەکێتی کۆمۆنیستەکانە ، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئەو ڕێکخراوەیە ، ئەوانیش بەیاننامەیان دەرکردووە بۆ خۆپیشاندان بۆ داواکردنی ئاوو کارەبا وسووتەمەنی !!! ودیارە بوونی ئاو وکارەبا وسووتەمەنی وئازادی مانگرتن وخۆپیشاندان بە تێگەیشتنی ئاشایشس سلێمانی زیان بە ئاسایش ئەگەیەنێت بۆیە زۆر بە ئاشکرا داواکردنیان بە ناکۆک لەگەل ئارامی وئاسایش وهێمنیدا جووت ئەکات .

باشتر وابوو نووسەرەکەی ئاسایش ڕێزێکی لە ئەقلی خوێنەرانی ڕوونکردنەوەکەی بگرتایە ودەقی بەیاننامەی ناوبراویشی بڵاوبکردایەتەوە کە یەکێتی کۆمۆنیستەکان وپارتی چەپی کوردستان بڵاویان کردۆتەوە لەوبارەوە تا بوارێکی بۆ خوێنەرەکانی بهێشتایەتەوەکە ئەوانیش بزانن قسەکانی ئاسایش چەند دوورە لەڕاستیەوە.

نووسەری ڕوونکردنەوەکەی ئاسایش دوای چەند دێر لەوەی کە خۆی بەخەمخۆری ( ئارامی وئاسایش وهێمنی ) خەلکی کوردستان داناوە وپێیوایە داواکردنی کارەبا وئاو زیان بەوئاسایش وهێمنیە ئەگەیەنن ودوای ئەوەی سوێند ئەخوا کە ئەوان ( هیچ شتێکمان لەسەر کاری سیاسی نیە وهیچی لەسەر نالێین ) لەپڕ وەکوو تیۆریسینی زانستی سیاسی دێنە قسە وڕوو بەیەکێتی کۆمۆنیستەکان ئەلێن ( کێ ڕێگەی بەئێوە داوە بەناوی خەلکەوەقسە بکەن ، کێ ئێوەی کردۆتە نوێنەری خۆی ، کەی ولەکوێ میللەت دەنگی بەئێوە داوە کە بەناوی ئەوانەوە بێحورمەتی بە هەموو شتە پیرۆزەکانیانەوە بکەن ، خۆتان بەداکۆکیکاری داخوازی خەلکی لەقەلەم بدەن ، ئێوە تەنها لەقۆستنەوەی بارودۆخەکەدا نەبێت کەسوکاری خۆشتان لەقسەتان تێناگات چ جای خەلکی ) .

بە ڕاستی لای ئاسایش دنیا سەروژوور بۆتەوە ولەوەش سەیرتر ئەوەیە کە پێیان وایە خەلک نەزان ونەفامن وبڕوا بەو قسانە ئەکەن . ئەمە وەکووئەو بەسەرهاتە وایە کە مەلایەک باسی دیانەتی ئەکرد وئەیووت ( خەسەن وخوسێن کچی پێغەمبەر بوون ) تا یەکێ لەوەلامدا ووتی ( خەسەن نا حەسەن ، خوسێن نا حوسێن ، کچ نەبوون کوڕ بوون هی پێغەمبەر نەبوون کوڕی علی بوون ) وئێمەش لەگەل ڕوونکردنەوەکەی ئاسایشدا گرفتاری هەمان دەرد بووین . ئەوان ئەلێن ئێمە کارمان بە سیاسەتەوە نیە کەچی دەرسی سیاسەت بەخەلک ئەلێنەوە . بەتۆمەتی ڕێکخستنی خۆپیشاندان دەیان کەسیان خستۆتە زیندانەوە وکەسێکیان لەسەرکووتی خۆپیشاندانەکاندا کوشتووە وباسی شێواندنی ئارامی وئاسایش وهێمنی ئەکەن . نەک خۆمان کەس وکاریشمان بەنەزان ونەفام تێئەگەن وپێیان وایە ئەقلیان بەوە ناشکێ کە جیاوازی نێوان تاریکی وسەرما وگەرمای زستان وهاوین لەبەر بێ کارەبایی وسووتەمەنی ونەبوونی وگرانی وهەژاری لەگەل ڕووناکی بەرکارەبا وتێر وتەسەلی وخۆش بژیوی وهەرزانی شتومەک دا بکەن . ئەوانێک کە حکوومەتەکەیان ئەو بارودۆخەیان بەسەر خەلکدا

سەپاندووە خۆیان بە پارێزەری هێمنی وئارامی لەقەلەم ئەدا وئێمەش کە ئەو مافانە بەڕەوای خەلک ئەزانین بەوە لەقەلەم ئەدەن کە بێحورمەتی بە هەموو شتە پیرۆزەکانی خەلکەوە ئەکەین .

سەرباری ئەوەش هێشتا ئاسایش ناز بەسەر خەلکیشدا ئەکەن وئەلێن ( ئێمە وەک ئاسایش پاراستنی سەرومال وهەموو ئەو دام ودەزگایانەی کەبەخوێنی ڕۆلەکانیان دروستیان کردووە ، بەیەکێک لە پێشترین ئەرکی سەرشانمانی دەزانین وچەندین سالە بەشایەتی هەموولایەک بەباشترین شێوە ئەم ئەرکەمان ڕاپەڕاندووە لەهەموو کەس باشتر دەزانین ئەرک وفەرمانەکانمان چیە ).

نازانم شایەتەکانی ئاسایش لەبواری ئەو ( ئەرکە پیرۆزانەدا ) کێن وخۆزگە یەک دوو دانەیەکیانی باس ئەکرد. بەلآم خۆزگە هەمان ئاشایشی سلێمانی  تا چەند سال لەمەوبەر هەتا مزگەوتی جیهادی هەوارە بەرزە ئەرۆیشتن کە سالآنێکی دوور ودرێژ مەلا کرێکار وهاوەلەکانی کردبوویان بەمۆلگەی تیرۆر وبەرۆژی ڕووناک ولەنوێژی ڕۆژانی هەینیدا بە ئاشکرا جارڕیان ئەدا بۆ تیرۆر وکوشتنی چەپ وکۆمۆنیست وکەسایەتیە ئازادیخواز وسکۆلارەکان وژنانی ئازادیخواز . خۆزگە دەیان لەو ئەنفالچیانەیان ڕاپێچی دادگا ئەکرد کە ئێستاش سەربەرزانە و وەکوو ئەوەی نەبایان دیبێ ونەباران لەکوردستاندا ماون . خۆزگە ئاسایش لە چەند کەسێکی لەوانەی بپێچایەتەوە کە لەمینبەری مزگەوتەکانەوە ئێستاش ئەیانەوێ کوردستان بگێڕنەوە بۆ سەردەمی خیلافەتی قورەیشی وزەمانی فتودان لەجیاتی یاسا وعورفی سەردەم . بریا ئاسایش لە چەند کەیسێکی گەندەلی ومشەخۆری ومافیای لێپرسراوانی کوردستانی ژێردەسەلآتی خۆیانی بپرسیایە . خۆزگە ئاسایش لێکۆلینەوەیەکی بکردایە لەکەیسی کوشتن یا هەولی کوشتنی دەیان کەسی چەپ وئازادیخوازی وەکووفەرهاد فەرەج کەلەبەردەم مناله ساواکەیدا درایە بەر ڕێژنەی گوللە ومەسەلەکەی لەبەرخاتری ئیسلامیەکانی دۆستی یەکێتی دیزەبەدەرخۆنە نەکردایە . بۆچی ئەوئاسایشەی ئاوا بەدەربەستی ئارامی وئاسایش وسەرومالی هاوولآتیانە یەک دانە لێکۆلینەوەی نەکرد لە کوشتنی دەیان ژن لەلایەن ئیسلامیەکانەوە وتێزاب ڕژاندن بەگیانی ئافرەتان وتەقاندنەوەی ئارایشگاکان وهەڕەشەکردن لەخاوەنەکانیان ؟ بۆچی دۆستانی هەمان ئاسایشی سلێمانی یەک کەسیان لەوانە دەسگیر نەکرد یا لێکۆلینەوەیان لەگەل یەکێک لەوانەدا نەکرد کەناویان لەکەیسی بەناوبانگ وپڕلەشەرمەزاری ( فایلەکانی هاوکارانی ڕژێمی بەعسدا ) هاتن بەناو وبەلگە ودۆکیۆمێنتەوە ؟ ئایا ئەوانە ئاسایش وهێمنی وئارامی وولآتیان ئەخستە خەتەرەوە یا ڕێکخستنی مانگرتن وخۆپیشاندان وەکوو عورف وشێوەیەکی شارستانیانە بۆ داواکردنی هەندێ داخوازی کە وەکوو هەوا بۆ خەلک پێویستن ؟ بۆچی ئاسایش لەو هەموو بگرە وبەردانەی گۆڕەپانی کۆمەلگای کوردستاندا ڕوونکردنەوەیەکی وەکوو ئەمەی ئێستای دەرنەکرد ؟ .

لەڕاستیدا ئەوەی ئەوان پێ ی ئەلێن گێرەشێوێنی وئاژاوە واژە وزاراوەیەکی تازەنیە ولە مێژووی دەیان سالەی خەباتی خەلکی کوردستاندا ولەفەرهەنگی سیاسی ئەم وولآتەی ئێمەدا بەپێچەوانەی مانا زمانەوانیەکەی بەگشتی مانایەکی تری پەیداکردووە .کێ هەیە یادگاری ووشەی ( مخرب ) و( بەکرێگیراو ) و ( متمرد ) و( **عصاه** ) ی لەبیر چووبێتەوە کە سالەهای سال هاو واتابوون بۆ ووشەی خەباتگێڕ وتێکۆشەر و بەرگریکەر وشتی لەوچەشنە .

لەکۆتاییدا بەپێویستی ئەزانم چەند ڕاستی تر هەیە پەنجەیان بخەمەسەر .

**1** / ئێمە وەکوو ڕێکخراوی یەکێتی کۆمۆنیستەکان نەک هەر نایشارینەوە کە خەبات کردن لەپێناوی بژیوی خەلک وداخوازیەکانیاندا بەئەرکی خۆمان ئەزانین بەلکووشانازیش بەوەوە ئەکەین .

هەلوێستی ئێمە زۆر ڕۆشنە لەبەرانبەر سیاسەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا کە پلانی سک هەل ووشین ونانە سکێ ئەسەپێنێ بەسەر بەشی هەرەزۆری خەلکی کوردستاندا لەولاشەوە توێژێکی کەم سەروەت وسامانی ئەم وولاتەیان کۆنترۆلکردوە ولووشیان داوە . ئێمە لەبەرەی خەلکداین وپێئەچێ ئەوە بە لێکدانەوەی ئێوە تاوانێکی گەورە بێت ومایەی ئەو هەمووڕق ونەفرەتە بێت لە یەکێتی کۆمۆنیستەکان .

2 / مێژووی پەیوەندی نێوان کۆمۆنیستەکان ودەزگا ئەمنیەکان مێژوویەکی تازەنیە وئێمە پێش ڕاپەڕین ودوای ڕاپەڕین تاقیکردنەوەیەکی زۆرمان لەوبارەوە دیوە . ئەو مێژووە 2 جەمسەری بووە کەیەکێکیان بریتیە لەوەی کۆمۆنیستەکان وەکوو ڕۆلەی بەوەفای خەلک ، بەدوور لەهەر بەرژەوەندیەکی تایبەتی ، لایەنگری زۆرترین ماف وخزمەتگوزاری وفراوانترین ڕووبەری ئازادی بوونە بۆ هەمووتوێژەکانی خەلک وبەتایبەتی بۆ چینە هەژار ونەدارەکان وئێمە وەکووڕێکخراوی یەکێتی کۆمۆنیستەکان شانازی بەهەرگرتن وڕاونان وئازارێکەوە ئەکەین کە لەوڕێگەیەدا بەنسیبمان بووە وجەمسەری دووەمیش ئاسایش وئەو دام ودەزگایانەن کە هەمیشە ڕاهاتوون بە ناوزڕاندن وقسەی لەچەشنی ( خۆخزاندنە ناو نارەزایەتی خەلک ) وڕاپێچکردنی خەلک لەسەر پراتیککردنی سادەترین مافیان .

دوا قسەشم ئەوەیە کە ئەوەی ئێوە لەبەرانبەر ئێمەدا ووتووتانەوکردووتانە نەهیچی تازەیە ونەجێ ی سەرسووڕمانی ئێمەیە بەلکوو ڕەنگدانەوەی وەستانمانە لە دوو بەرەدا : ئێمە لەبەرەی بەرگری وداکۆکیکردن لە پارووی دەمی خەلک ومالی پڕلە ڕووناکی وپۆشتە وپەرداخی ئەوان ئێوەش لەبەرەی کەمایەتیەکی کەمی خاوەن دەسەلاتی مادی ونفووزی سیاسی کۆمەلی پڕ لەچەرمەسەری کوردستاندا کە ژیانی کەس وکاری قوربانیەکانی ئەنفال تەنیا دیوێکی تەلخی وێنەکەیە لەسایەی ئەو دەسەلاتەدا کە ئێوە بەو شێوەیە بەرگری لێئەکەن .

**ئەحمەد معین**

**ئابی 2006**